# پۆزشێك له ڕێبینەوه بۆ ڕێبین !

"خودایه مەیانبەخشه، چونکه دەزانن چی دەکەن"، مەسیحی من .

## ڕێبین فەتاح

داوای لێبوردن له خۆم دەکەم، تەنها له خودی خۆم، لەبەرامبەر ئەو پیاوانەدا، که گورگانه پەلاماریان دام و منیش دوعام بۆ دەکردن"خودایه بیانبەخشه، چونکه نازانن چی دەکەن".

تۆ هەڵەیت ئەی مەسیح تۆ هەڵەیت، ئەو پیاوانه چەندێ لەگەڵیان نیانتر بیت، ئەوەنده زیاتر له سەر هەڵەکانیان بەردەوام دەبن، چەندێ لێیان ببوریت، ئەوەنده تۆ گوناهبار دەبیت.

من ئیتر باوەڕم به مەسیحێك نییه، ڕوومەتی خۆی بۆ زلەی ئەوانی دی بهێنێته پێشەوه.

لەبەرئەوه داوای لێبوردن له ئاسۆ و هاوڕاکانی دەکەم ، ئەگەر لەروون کردنەوەکەی پێشوومدا، به زمانێکی نەرم قسەم لەگەڵ کردوون، ئەگەر وەك ئەوەی پێویست بوو ، مامەڵەم لەگەڵ نەکردن، ئێستا ، پەشیمانم له روون کردنەوەکەی پێشووم، ڕێبینی ڕاستەقینه، ئەوەیه که ئێستا دەیخوێنیتەوه، ئەوەیه که ئێستا قسه دەکات.

تۆ لەبری ئەوەی سوپاسم بکەیت له ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت، داوای لێبوردنم لێبکەیت پاش ئەوەش که چەواشەکاریەکانتم ناونان"هەڵه"، بەڵام ئایا تۆ دەزانی چ جیاوازییەك لەنێوان چەواشەکاری و هەڵەدا هەیه؟ تۆ چۆن دەتوانیت بەو هەموو بێ ڕێزی و دوور له هەموو بنەمایەکی ئیتیکی و ئەخلاقییەوه قسه بکەیت، بەڕاست دەبێت چەند مامۆستای تایبەت و ئەکادیمیت لەو بوارەدا گرت بێت ، تا وەکو کوڕه بەرپرس و سەرمایەدارەکانی ئەو وڵاته، ئەوانەی هەمیشه درەنگ تێدەگەن و کاڵفام کاڵفام بیردەکەنەوه، شتێك بەشتێك بکەیت. تۆ کەناتوانیت ببیت به خاوەن وتارێکی چاك ، زمانێکی چاك، ئیدی باشتره، له گۆشەیەکی دانیشتنەکەدا ، بێدەنگ ئەژنۆکانت به سنگتەوه بنووسێنیت و زۆر نا ، بەڵکو کەمێك گوێ بگیرت. نامەوێت چیتر لەم ڕووەوه بدوێم، دەتوانیت وتارەکەی ڕۆژی 18ی ئەم مانگەت له سایتی دەنگەکاندا بخوێنیتەوه، کراس و پانتۆڵێکه، ئەگەر لەبەر خۆتت دانەکەندبێت، ڕێك بۆ خۆتت ئامادەکردووەو پیرۆزت بێت.

وتارەکەتم خوێندەوه، داوای لێبوردنیشم لەخۆم کرد، تەنها له خودی خۆم. هەر وەك خۆت ئاماژەی پێدەکەیت، تێنەگەیشتیت له سۆربۆن و سویدو ...هتد، دەزانم تۆ تێناگەیت !بەڵام منیش بۆ تۆی نانووسم، بۆ خەڵکانێکی دەنووسم خەریکه جەنابتان چەواشەیان دەکەن، خەڵکانێك که دەبێت ڕاستییەکان بزانن. ئاسۆ عەبدوللەتیف ڕاست دەکات، سۆربۆن و یاسای چاپەمەنی و سویدو ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنی فەرەنسی ، هیچ پەیوەندییەکیان بەکۆنفرانسەکەی یونامییەوه نەبوو، منیش هەر ئەوەم گوتووه، پێمگوتیت، ڕەخنەو سەرنجەکانی ڕێبیین لەوێوه دروست بوون، له خوێندنەوەی یاسای ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنی فەرەنسی و یاسای چاپەمەنی سویدو ..هتد، نەك کۆنفرانسەکەی یونامی، بەڵام ئەوه خۆتیت خۆت به درۆ دەخەیتەوه، لەبەرئەوه پێویسته سەرەتا شەڕ لەگەڵ خۆت بکەیت، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی ناوەوەی خۆت نەهێڵیت. باشتریش وایه، خۆت بناسیت، جارێ کەس نازانێت تۆ گوتەبێژی کێیت و ئەو هەموو ئێمەو ئێمەیه چییه بەکاریاندەهێنیت، ئێوه کێن؟ دەتەوێ لەڕێگای ئەو هەموو ئێمه، ئێمەوه، خۆت به زل و زەبەلاح نیشان بدەیت، که وانیت، تۆ کێیت، ئەو ئاسۆیه نیت، خۆت بەڵێ هەر خۆت هەڵه دەکەیت و داواش له خەڵك دەکەیت پۆزشت بۆ بهێننەوه! ئەو کەسەنیت له بێ بابەتیدا هەر ڕۆژێك و خۆت به وتاری خەڵکێك دا هەڵدەواسیت، بەقوربان نووسین وا نابێت، ئەوەی تۆ پێتوایه، نووسینه، وڕێنەش تەواو نییه، ئەو هەموو سەمەرەیه، له خۆتدا دەربهێنه، ئاخر ناکرێت، تۆ هەڵه بکەیت و خەڵك داوای لێبوردنت لێبکات، مەگەر ئەمانه لەتێبینییەکانی ئێوەن، تا له یاسای ڕاگەیاندندا جێبکرێنەوه!؟ بەڕاست ئەرێ ئەو مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکره کێیه، که هەناسەی ڕێبینی بڕی بوو ، بۆ بەقوربان مەگەر ئەو بۆ خستنەڕووی سەرنج و تێبینی لەسەر پڕۆژه یاسای ڕاگەیاندن و پڕۆژەی کاری ڕۆژنامەنووسی ، هات بوو یان بۆ شەڕه بۆکسێن!؟ "بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵه بۆ ئەو قسەیه نەکرێت، من کێشەیەکم لەگەڵ هەڤاڵ ئەبوبەکر نییه، تەنها لەو چوارچێوەیەدا، قسەی لەسەر دەکەم که ئاسۆ

عەبدوللەتیف لەنووسینەکەیدا باسی کردووە، ئەمە رەخنە نییە لەو پیاوە، رەخنەیە لەسەر قسەکەی ئاسۆ".

بە قوربان من باسی پەرلەمانم نەکردووە بۆ ئەوەی تۆ بترسیت، پاشان کێ لە پەرلەمان دەترسێت، خۆ پەرلەمانتارەکان مرۆڤن نەك گورگ، پێویست ناکات خۆت وا ناتێگەیشتوو نیشان بدەیت، رێبین لە وتارەکەیدا باسی پەرلەمان دەکات، بەر لە چەند مانگ پێش کۆنفرانسەکەی یونامی، بۆ ئەوەی بڵێت ئەوکات، تێبینی و سەرنجم لەسەر پرۆژەکە، هەبوو، خوێندنەوەم بۆی کرد بوو، نەك سەرنجەکانی رێبین بکەیت بە بەرهەمی ئەو بەناو کۆنفرانسە دوو رۆژییەی یونامی و وا لە خوێنەر بگەیەنیت، ئێمە تەنها لەو کۆنفرانسەدا ئەو پرۆژەیەمان بینیوەو خۆشمان توانای بیرکردنەوەمان نییە، تا ئەو هەموو تێبینی و سەرنجە یاساییانەی جەنابتان تالآن بکەین! بەرێزم بەر لەوەی باسی پرۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بێتەگۆڕێ ، رێبین باسی کردووە، رەخنەی لێ گرتووە، دەزانی چۆن، چونکە ئەو پرۆژە یاسایە، هەڵێنجراوی یاسای ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنی فەرەنسی و یاسای چاپەمەنی سویدییە، بەشێکی زۆرو بەرفراوانی ئەو پرۆژەیەی سێ مامۆستاکەی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەییان کردووە، لەو دوو یاسایەدا وەرگیراوە کە لە سەرەوەدا ئاماژەم بۆیان کردووە، تەنانەت تێکەڵ کردنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن و یاسای چاپەمەنیش لە پرۆژە یاساکەدا، لە ژێر کاریگەری یاساکەی فەرەنسایە، لەبەرئەوەی لەوێدا، ئەو تێکەڵکارییە، لە ئارادایە، کاتێکیش لە سمینارەکەی ناوەندی هەتاودا لەسەرەتای 2007 دا، قسەم لەسەریان کردووە، تێبینیەکانی خۆمم خستۆتەڕوو ، manای وایە، رەخنەم لە پرۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا گرتووە، چونکە وەك باسم کرد، پرۆژەکە لەو دوو یاسایەی سەرەوەدا هەڵێنجراوە، کاکە ئیدی دەمێکە من جورئەتی ئەوەم کردووە، لەوبارەیەوە قسە بکەم، جەنابتان درەنگ بە ئاگا هاتوونەتەوە. سەبارەت بەوەش کە ئەو ناوانەی ریزت کردوون لە گروپەکەدانین، بەڵێ نین، هیچ پێویستیش ناکات، من ئیعترازی ئەوانت بۆ بهێنمەوە، ئەوە ئەوان خۆیان دەبێ ئیعتراز بهێننەوە، چونکە ئەو نووسینەی من دەبینن، ئەگەر دڵزار حەسەن و نازم دڵبەندو د.نەزەندو عەلی کەریم و نازانم کێ و کێیتریش بەهی خۆیانی دەزانن با قسە بکەن، پاشان تۆ چۆن دەتوانیت، بڵێیت ئەوان هەموویان ئیمزایان لەسەر رەشنووسی گروپەکە کردووەو ئەو ئیمزایانەش لای خۆتان پارێزراوە، بە قوربان ئەوە تەنێ درۆیەکی شاخدارەو بەس، باشە تۆ وا خۆت دەڵێیت هەندێك لەوانە رۆژی دووەم نەهاتنەوە، ئەگەر رۆژی دووەم نەهاتنەوە چۆن ئیمزایان لەسەر ئەو رەشنووسە کردووە کە ئێوارەی رۆژی دووەم تەواو بووە!؟ ئەی ئەگەر وەك جەنابیشتان ئاماژەی پێدەدەن"راستە رەنگە هەندێکیان رۆژی دووەم هات بن"، ئاخر ئەمانە، کوا تێبینییەکانیان ، کە رۆژی دووەم تەنها بەشێکی بچووك لە پرۆژەکەدا، قسەی لەسەرکراوەو کاتەکە تەرخان کراوە بۆ قسە کردن لە سەر پرۆژەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەکاتێکیشدا زۆربەی ئەو تێبینیانەی من خستبوومەڕوو، پەوەست بە بەشەکانی سەرەتای پرۆژەکە بوون. ئیتر ئەوە دواهەمین قسەشم دەبێت لەسەر ئەو بابەتەو هەستیش دەکەم ئەو جۆرە وەڵامدانەوانە، تەنها لە کاتم دەگرن و لە پرۆژە سەرەکییەکانی خۆمم دوور دەخەنەوە.